
# هاووڵاتیانی لەیلان داوای پێشینەی خانووبەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن

## خوێندنی کوردی بەپێی پێویست بایەخی پێنەدراوە

















لەیلان ئەو ناحیەی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە و لەشاڵاوی تەرحیل و ئەنفالەکان سەرجەم گوندەکانی وێرانکراو بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەشی دووچاری ئاوارەیی و دەربەدەری بوون و، کێڵگەکانی مین جێگای کێڵگە کشتوکاڵی و بێستانەکانی گرتەوە، ئەمڕۆ خەڵکی بۆ زۆربەی گوندەکانیان گەڕاونەتەوەو ئاوەدانیان کردونەتەوە. لەیلان ١٤ هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە؛ لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٨٧ ئەم ژمارەیە زیاتر لە ٩٦ هەزار کەس بووە. زۆر لەخەڵکی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکەیان بۆ خراپی ئاستی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێنەوە بەتایبەتی لەگوندەکان، کە لەکۆی ئەو ٤٦ گوندەی لەناوچەکە هەیە نزیکەی ١٠ گوندی ئاوەدان نەکراونەتەوە. لەم راپۆرتەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر پێداویستی خەڵکی لەیلان و لەنزیکەوە گوێبستی داواکارییەکانیان و رەخنەکانیان دەبین، هاوکات هەموو رەخنەو داواکارییەکانیان ئاراستەی لێپرسراوی یەکەی ئیداریی ناحیەکە دەکەین. لێرەدا پوختەی راوبۆچوون و لێدوانەکان بڵاودەکەینەوە



**لەیلان پێویستی بەبینایەی قوتابخانەی نوێ و بەرفرەوانکردنی بنکەی تەندروستی هەیە**

**ناکرێت لەسەرجەم سنوورەکەی لەیلان کە ٧٠٪ی زەوییەکانی دێمەکارەو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقیش تائێستا تاکە پڕۆژەیەکی ئاودێری ئەنجام نەدابێ و چۆن باس لەئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بکەین**

## هاووڵاتیان داوای پڕۆژەی خزمەتگوزاری دەکەن

کەمی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و قەبارەی ئەو فەرامۆشکردنەی کە ناوچەکە لەچەند ساڵی رابردوو رووبەڕووی بۆتەوە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەپێناوی مانەوەو راگرتنی کۆچکردن و گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ گوندەکانیان ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمە ئاوڕێك لەم ناوچە کوردستانییە بداتەوە، بەتایبەت لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و دامەزرانی گەنجەکانیان، چونکە حکومەتی عێراق بەوتەی خەڵك کەمترین کارو پڕۆژە لەم ناوچەیەدا جێبەجێ دەکات، لەم رووەوە هاووڵاتی شوان عەلی کە چەند ساڵێکە وەکو گرێبەست دامەزراوە پێی وایە: حکومەتی عێراقی کارو ئیش بۆ خەڵکی لەیلان ناکات و لەرووی دامەزراندنیشەوە بەتەواوەتی فەرامۆشی کردوون. هەروەها کێشەی زەویوزاریش بێ چارەسەرکردن وەکو خۆی ماوەتەوە، لەمبارەیەوە هاووڵاتی حەسەن غازی وتی: مانەوەی کێشەی داگیرکردنی زەوییە کشتوکاڵیەکان و نەگەڕانەوەی بۆ خاوەنەکانی پێویستی بەئاورلێدانەوەیەکی خێرا هەیە، چونکە ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزەو مەترسی کەوتنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکرێت. وەنەبێت گرفتەکانی خەڵکی لەیلان تەنیا مانەوەی شوێنەوارەکانی وێرانکردن و دەربەدەری بن کە لە دەرئەنجامی پرۆسەی تەرحیل و تەعریب و ئەنفال دروست بووە، بەڵکو بوونی کەموکوڕی لەپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و فەرامۆشکردنی ئەم ناوچەیە هەڕەشەیەکی نوێیە کە وایکردووە بەشێك لە دانیشتوانەکەی نەگەڕێنەوەو بگرە نزیکەی ١٠ گوندی کوردەکان ئاوەدان نەبوونەتەوە، ئەوەتا لەناو سەنتەری ناحیەکە ژمارەیەك لەهاووڵاتیان باسیان لەخراپی و بێسەروبەری شەقام و کۆڵانەکانیان دەکرد، دیمەنی چاڵ و خراپی شەقامەکانیش تەنیا واقیعێکی نیشان دەدات کە لەیلان پێویستی بە هەڵمەتێکی قیرتاوکردن و دروستکردنی پرۆژەکانی ئاوەڕۆ هەیە، بەتایبەتی لەگەڕەکی حەکیماوە کە بەوتەی ژمارەیەك لەدانیشتاوانەکەی نەك تەنیا زۆربەی شەقامەکانی قیرتاو نەکراوە، بەڵکو گرفتی ئاویخواردنەوەو نەبوونی باخچەو پارکی یاری منداڵانیشیان هەیە.

هەر لەدرێژەی سەردانەکەماندا بۆ ناحیەی لەیلان لەئاستی هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستیمان پرسی، کە بارودۆخەکەیان لەبارودۆخی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکە باشتر نییە، لەمبارەیەوە هاووڵاتی تاهیر جەرجیس ئاماژەی بە کۆنی بینایەی قوتابخانەکان و قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندنی کردوو و داوای لەلایەنی پێوەندار کرد چەند بینایەیەکی نوێی خوێندنیان بۆ دروست بکەن. ژمارەیەکیش لەقوتابیان قسەکانی ئەم هاووڵاتییەیان پشتڕاست کردەوەو ئەوانیش گلەیی و رەخنەیان هەبوو لەخراپی بینای قوتابخانەکان و قەرەباڵغی پۆلەکان، لەمبارەیەوە هەردوو قوتابی محەمەد شامیل و رووناك سەعید ئاماژەیان بەم کێشەیە کردوو پێیان وابوو گرفتەکە تەنیا لەبواری بینایەی قوتابخانەو کەمی میلاکاتی مامۆستا نییە، بەڵکو گرفتی خوێندنی کوردیش هەیە، بەوتەی ئەمان ئەو قوتابیانەی خوێندنی کوردی تەواو دەکەن لەهیچ زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەرناگیرێن، کاتێکیش لەزانکۆکانی عێراق وەردەگیرێن لەبەرئەوەی بەکوردی خوێندویانە زەحمەتە ئاستی خوێندنیان لە زانکۆکانی عێراق باش بێت، ئەم قوتابی یە داوای لەهەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرد بۆ پاڵپشتیکردنی خوێندنی کوردی لەو ناوچانە گرنگە ئەو قوتابیانەی خوێندنی کوردیان تەواو کردووە لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان وەربگیرێن. سەبارەت بەکەرتی تەندروستیش هەروەکو خاتوو پەروین حوسێن کەموکوڕییەکانی ئەم کەرتەی لەناحیەکەیان شیکردەوەو وتی: بنکەیەکی تەندروستی بچووك لە لەیلان هەیە و کەموکوڕیی لەپزیشکی ئافرەتان و منداڵبوون و دەرمان و پشکنینەکان هەیە، هەربۆیە ناتوانرێت نەشتەرگەری لەم بنکەیەدا ئەنجام بدرێت. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیان رەخنەو گلەییان لەو دوکەڵ و پیسبوونی ژینگەیە هەبوو کە لەکارکردنی کارگەی چیمەنتۆی نزیك سنووری شارەوانی سەنتەری ناحیەی لەیلانەوە لەناوچەکە بڵاودەبێتەوە، هەر چەندە لەو کارگەیە خەڵکی ناحیەو سنوورەکەی لێ دادەمەزرێن، بەڵام تا ئێستاکە بۆ سنوورەکە هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەسەر ئەرك و داهاتەکانی ئەم کارگەیە ئەنجام نەدراوە.





بەڕێوەبەری ناحیەی لەیلان:

# لە سنوورەکە پێویستیمان بە پرۆژەی ئاودێری هەیە

لەدرێژەی سەردانەکەماندا بۆ لەیلان چەند پرسیارێکمان لەیەکەی ئیدارەی ناحیەکە کردوو لەوەڵامدا محەمەد وەیس عەلی بەڕێوەبەری ناحیەی لەیلان سەبارەت بەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پێداویستیەکانی ناحیەکەیان پێی راگەیاندین: لەیلان رووی لەبەرفراوانی کردووەو بۆ ئەمەش پێویستمان بە کوژانەوەی زەوی دەبێت تاوەکو لایەنە خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و باخچەو پارکی پێویستی بۆ جێبەجێ بکەین، بەڵام بۆ سوود وەرگرتنی دانیشتووانی لەیلان داواکارین لەحکومەتی هەرێم پێشینەی خانووبەرە وەکو هەموو کوردستان بۆ گوندنشینەکانی سنوورەکەشمان بدات، ئەمەش پاڵپشتی و هاندانێکی باشی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانە. لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە سەبارەت بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لەبەڕێوەبەری ناحیەمان کرد ناوبراو وتی: رۆژانە لەلایەن شارەوانییەوە کاری پاککردنەوەو کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەم رووەوە کێشەمان لەکەمی کرێکارو کەمی مووچەی رۆژانەی کرێکارەکان هەیە، ساڵانەش بەپێی ئەو بودجەیەی بۆمان تەرخانکراوە پرۆژەکانی ئاوەڕۆ ئەنجام دەدەین و لەڕێگای بیری ئیرتیوازیشەوە ئاوی خواردنەوەو بۆ ناحیەکەو هەموو گوندی سنوورەکە دابین کراوە، لەرووی قیرتاوو کۆنکرێتکردنی شەقام و شۆستەکانیشەوە هەر گەڕەك و کۆڵانێك پرۆژەی بۆ نەکرابێت ساڵانە دەخرێتە بەرنامەو پلانەوە تاوەکو هەموو شەقامەکان قیرتاو بکرێت. لەلایەکی تریشەوە تیمەکانی کارەبا سەرقاڵی راکێشانی کارەبان بۆ ئەو گوندانەی کە کارەبای نیشتمانییان نییە.

سەبارەت بەهەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستیش لەیلان پێویستی بەبینایەی قوتابخانەی نوێ هەیە بەتایبەتی لەهەندێك گوند کە بینایەی قوتابخانەی نییە، لەرووی میلاکاتی مامۆستاشەوە کەموکوڕی هەیە، بەڵام لەمانە گرنگتر گرنگیدانە بەخوێندنی کوردی لەرووی بینایەی قوتابخانەو مامۆستاو پێداویستییەکانیەوە.لەرووی تەندروستیشەوە راستە بەپێی پێویست گرنگیمان بەبنکە تەندروستیەکە داوە، بەڵام پێویستمان بەپزیشکی پسپۆڕو شارەزایە لەبواری نەشتەرگەری و ئافرەتان و لەدایکبوون.

سەبارەت بەئاوەدان نەکردنەوەی زیاتر لە ١٠ گوندی ناحیەکە بەڕێوەبەری ناحیەی لەیلان وتی : مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە؛ لەلایەك پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو ڕێگاوبانیان خراپە لەلایەکی تر گەرچی زۆر لەگوندەکان هەموو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریشیان بۆ کراوە، بەڵام خەڵکەکەی ناگەڕێنەوە، چونکە چەندین ساڵە لەشارەکان نیشتەجێبوون و فێری ژیانی شار بوون. ئێستا ١٠ گوندی سنوورەکەمان ئاوەدان نەبوونەتەوە گەر خەڵکی ئەو ١٠ گوندە بگەڕێنەوە ئەوا لەماوەیەکی کەمدا مشووری جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان دەخۆین. لەگەڵ ئەمەش دا ئێمە وەکو یەکەی ئیداری ناحیەکە سەردانی سلێمانی و هەولێرمان کردووەو داواشمان لە ئیدارەی کەرکوك و ڕێکخراوەکان کردووە تاوەکو هەوڵی دروستکردن و چاککردنی ڕێگاوبانەکانی گوندەکان و پێداویستیەکانی تری خزمەتگوزاری بکەن. من پێم باشە بۆ زیاتر هاندانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان حکومەتی هەرێم پێشینەی خانووبەرە بداتە گوندنشینەکانی لەیلان، تاوەکو پاڵپشتی و هاندانێك بێت بۆ گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان. چونکە ئێستا بەو پێیەی ئێمە لەدەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمین هاووڵاتیان پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە نایانگرێتەوە.

مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تەنیا پێوەندی بە پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە نییە بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەپرۆژەکانی کشتوکاڵی و ئاودێری و زامنکردنی کارو کاسبی و داهاتیانەوە هەیە، ناکرێت لەسەرجەم سنوورەکەی لەیلان کە ٧٠٪ی زەوییەکانی دێمەکارەو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەنجام نەدابێ، کەچی بێین و باس لەئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بکەین، هەربۆیە دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری و دامەزرانی کارگەیەکی زەیت لەم ناوچەیە زۆر پێویستە، چونکە بەرهەمێکی زۆری گەنمەشامیمان هەیە، سەبارەت بەو کارگەی چیمەنتۆیەی کە لەسنوورەکەش هەیە نووسراوو داواکاریمان بۆ شارەوانی و پارێزگای کەرکوك وەزارەتی پیشەسازی عێراق بەرزکردۆتەوە تاوەکو فیلتەر بۆ دوکەڵەکە دابنرێت و رەچاوی مەرج و رێنماییەکانی پاراستنی ژینگە بکرێت، ناکرێت لە لەیلان کارگەیەکی وا گەورە هەبێت کەچی پرۆژەیەکی پارك و باخچەو پشتێنەی سەوزایی و بواری خزمەتگوزاری دیکە لەسەر داهاتی ئەو کارگەیە بۆ ناوچەکەمان جێبەجێ نەکرێت.

**پێدانی پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندنشینەکانی لەیلان پاڵپشتی و هاندانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانە**

**کارگەی چیمەنتۆی نزیک سەنتەری ناحیەی لەیلان رەچاوی مەرجەکانی پاراستنی ژینگە ناکات**

**هەر گوندێك ئاوەدان بکرێتەوە مشوری جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەخۆین**